# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان



## راپۆرتێک لەبارەی:

# کێشەکانی خولەکانی بەهێزکردنی خوێندکاران و چاودێریی حکومەت لەسەریان

ئابی 2025

## پێشەکی:

خوێندکارانی پۆلی ١٢ی ئامادەیی، بەمەبەستی بەهێزکردنی توانای خۆیان، رو لە ناوەند و پەیمانگا ئەهلییەکان دەکەن، ئەمەش لە حاڵەتەوە بوە بە دیاردە.

لە سنوری ئیدارەی گەرمیاندا ١٨ ناوەند و پەیمانگای ئەهلی هەیە لەم ژمارەیەش ئەوەی زیاتر خوێندکاران رویان لێدەکەن ئەو پەیمانگایانەن کە تایبەتن بە کردنەوەی خول بۆ ١٢ی ئامادەیی.

ئەم پەیمانگایانە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە مۆڵەتی کارکردن وەردەگرن، رێکارەکانی لە بەشی پەروەردەی ناحکومی لە بەرێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیانەوە دەستپێدەکات پاشان بە وەرگرتنی رەزامەند لە هەریەکە لە فەرمانگەکانی (دەستەبەری کۆمەڵایەتی، باج و دەرامەت، تەندروستی، شارەوانییەکان، بەرگری شارستانی و بەڵگە و تاوان).

مەرجی پێدانی مۆڵەت خاوەنی پەیمانگا نابێت بەهیچ شێوەیەک فەرمانبەر بێت لە هیچ دامودەزگایەکی حکومی.

لەم راپۆرتەدا لەسەر کێشەکانی ئەم ناوەند و پەیمانگانە دەوەستین و باس لە کەموکورتییەکانیان دەکەین و هاوکات پرسی چاودێریی حکومەتیش بۆ ئەم ناوەند و پەیمانگانە دەخەینە بەرباس.

# بەشی یەکەم: کێشەی پەیمانگا و خولەکانی بەهێزکردن

## ١. قەرەباڵەغی پۆل

پەیمانگاکان رێژەیەکی دیاریکراویان نیە بۆ وەرگرتنی خوێندکار لە پۆلەکانی خوێندندا، خوێندکارانی بەشداربوی خولەکان رەخنە لە زۆری ژمارەی خوێندکار لە پۆلەکانی خوێندن دا دەگرن، وەکو خۆیان دەڵێن ئەمە وایکردوە فێنککەرەوەکان کاریگەرییان نەبێت لە فێنککردنەوەی پۆلدا.

رێبین قارەمان، خوێندکارێکی بەشداربوی خولی پەیمانگاکانە، دەڵێت: زیاتر لە ٥٥ خوێندکار لە ژورێکی ٤ بە ٦ دایە ئەمە ژمارەیەکی زۆرە بۆ پۆلێک بەهۆی نزیکی خوێندکار لە یەکترەوە وایکردوە «توشی جۆرێک لە هەڵمژینی هەناسەی دەورووبەرت ببیتەوە».

دەشڵێت: بونی ژمارەیەکی زۆر خوێندکار لە پۆلدا و لە گەرمای هاویندا وایکردوە پۆلەکە فێنک نەبێت سەرەرای بونی سێ موبەریدە و پانکەیەک هێشتا هەست بەگەرما دەکەیت.

هاوکات تانیا هاوکار، خوێندکار، کە چوار خولی لە دو پەیمانگاکردوەتەوە، دەڵێت: پۆلەکان لەروی بونی ئامێری فێننکەرەوەوە تارادەیەک باشن بەڵام ژمارەیەکی دیاریکراویان نیە بۆ پۆلەکانی خوێندن کە لەو رێژەیە زیاتر نەبێت، « تاخوێندکار هەبێت ژمارەکە زیاتر دەکەن».

دەشڵێت: لە یەکێک لە خولەکانمدا بە هۆی نەبونی شوێن و زۆربونی خوێندکار لە پۆلەکەدا کە ٤٥ بۆ ٥٠ خوێندکاری تیایە، هەندێک خوێندکار لە رێرەوی هاتو چۆکەدا دانیشتون.

سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی باس لەوە دەکات زۆری ژمارەی خوێندکار لە خولەکانی پەیمانگاکاندا زۆر ناداد پەروەرانەیە.

«خول هەیە ٦٠ تا ٨٠ خوێندکار لە پۆلێکدان ئەم ژمارە زۆرە لە پۆلدا وادەکات خوێندکار پارەکەی بەفیرۆ بروات و سودمەند نەبێت لەو خولەی کردویەتیەوە». هەژار فەقێ سلێمان، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، وای وت.

دیاری کامەران، خوێندکارێکی بەشداربوی خولە، پشتراستی قسەی ئەو سەرپەرشتیارە دەکاتەوە ودەڵێت: قەرەباڵەغی پۆل وایکردوە زۆرجار شوێنێکی گونجاوت بەدڵی خۆت دەستنەکەوێت بەباشی سود لەوانەکە وەربگریت.

خاوەنی پەیمانگاکان زۆری ژمارەی خوێندکار لە هەندێک لە خولەکاندا دەگەرێننەوە بۆ خوێندکاران خۆیان کە داواکارییان لەسەر دەوامی بەیانیانە.

ئامانج محەمەد، خاوەنی پەیمانگای ژیر، دەڵێت: بەرێژەی ٨٠٪ی خوێندکارانی گەرمیان و کفری داواکارییان لەسەر دەوامی بەیانیانە، لەرێگەی کەسانی ناسیاوە داوامان لێدەکەن لەو کاتەدا وەریان بگرین قەرەباڵەغی پۆل بەو هۆیەوە دروست دەبێت، ناچارمان دەکەن لە بەیانیاندا وەریانبگرین.

دەشڵێت: بۆ ئەوەی خوێندکار بچێتە دەوامی ئێواران و قەرەباڵەغی دروست نەبێت لە بەیانیاندا، داشکانی ٥٠٪مان بۆ خولی ئێواران کردوە.

هاوکات ئاریان مەحمود، خاوەنی پەیمانگای وانۆ، دەڵێت: زۆری ژمارەی خوێندکار لە پۆلدا دەگەرێتەوە بۆ داخوازی خوێندکاران بە تایبەتی بەیانیان، ئەیانەوێت لەو کاتەدا خولەکانیان تەواوبکەن.

دەشڵێت: ئەو مامۆستایانەی ناوبانگیان هەیە لەناو خوێندکاراندا داواکاری زیاتریان لەسەرە، بەڵام بەپێی پێویست هەڵمانداوە لەروی فێنکی پۆلەوە فێنکەرەوەی تایبەت بەخۆیان هەبێت.

## ٢. نرخی خولەکان

پەیمانگاکان ئازادن لە دیاریکردنی نرخی خولەکانیاندا، بەهۆی ئەوەی لەلایەن حکومەتەوە هیچ بڕە پارەیەکیان وەکو نرخێکی جێگیر بۆ دیاریی نەکراوە.

سامان عومەر، لێپرسراوی بەشی پەروەردەی ناحکومی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، دەڵێت: سەبارەت بە دیارییکردنی نرخ بۆ پەیمانگاکان لەلایەن حکومەت و وەزارەتی پەروەردەوە، هیچ بڕە پارەیەک دیاریی نەکراوە.

«پەیمانگاکان لە دانانی نرخدا تاڕادەیەک نزیکن لە یەکەوە، ئەکرێت پەیمانگایەک نرخەکانی کەمتر یان زیاتر بێت لە پەیمانگایەکی تر. سەرەڕای خراپی بارو دۆخی دارایی، پەیمانگا هەیە نرخەکانی بەرزکردوەتەوە، بەڵام ئێمە بە ڕەچاوکردنی باری دارایی خەڵک نرخەکانمان کەمکردوەتەوە». ئارام مستەفا، خاوەنی پەیمانگای باڵدار لە ناحیەی رزگاریی، وای وت.

وتیشی: پێویستە یاسایەک هەبێت بۆ دیاریکردنی نرخ بۆ پەیمانگاکان لە لایەن لایەنی پەیوەندیدار بەم بابەتەوە، بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندی خەڵک و پەیمانگاش بێت.

هاوکات ئامانج محەمەد، خاوەنی پەیمانگای ژیر لە کەلار، دەڵێت: بە رێککەوتن لە گەل پەیمانگاکاندا نرخ دیاریی دەکەین، بەپێی رۆژ و شار نرخەکان گۆرانی بەسەردا دێت و لە وانەیەکەوە بۆ وانەیەکی دیکەش بەهەمان شێوە.

هەروەک بەختیار ئەحمەد، مامۆستای زیندەوەرزانی لە پەیمانگای وانۆ، دەڵێت: لە سەر بنەمای کات نرخ دیارییدەکەین، بابەتێکی وەک زیندەوەرزانی کاتێکی زۆری پێویستە کە نزیکەی ٤ مانگ دەخایەنێت، ئەگەر نرخەکان دابەش بکەین بەسەر کاتی وانەوتنەوەدا زۆر نییە.

دەشڵێت: لەمافی خۆمان خۆشبوین لە پێناو هاوکارییکردنی خوێندکاراندا.

خوێندکاران بە پێی ئەو پەیمانگایانەی خولیان تیادا کردوەتەوە و ئەو نرخەی لێیان وەرگیراوە بۆچونی جیاوازیان هەیە.

دیلان حەسەن، بەشداربوی یەکێک لە پەیمانگاکانی کەلارە، دەڵێت: بۆ هەردو وانەی ئینگلیزی ١٢٥ هەزار و بۆ وانەی بیرکاری ١١٠ هەزار پارەم لێ وەرگیراوە، نرخەکان بە گونجاو دەزانم.

بەپێچەوانەی دیلان، خوێندکار شنیار رزگار، دەڵێت: نرخی خولەکان زیاتر کراوە ئەمساڵ ساڵی رابردو کەمتر بو، ئێستە کراوە بە ١٥٠ هەزار، ئەم بڕە پارەیەش زۆرە بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستای خێزانەکان.

دەشڵێت: هاوڕێکانم دایک و باوکیان موچەخۆرن توانایان نیە ئەو بڕە پارەیە بدەن.

هاوکات مامۆستایەک کە نەیویست ناوی بهێنرێت، پشتڕاستی قسەی ئەو خوێندکارە دەکاتەوە و دەڵێت: ساڵی پار نرخی خولەکان ١٣٠ هەزار بو، ئەمساڵ پەیمانگاکان هەمویان رێککەوتن بیکەن بە ١٥٠ هەزار.

بەڕێز عەباس، مامۆستا و نوسەر لە بواری پەروەردە، دەڵێت: پەیمانگاکان چاودێریی نییە بەسەریانەوە، نابێت بەم رادەیە رێگەپێدرواین نرخ دیاریی بکەن و بەم شێوازەی کە هەیە پارە لە خوێندکار وەربگیرێت کە رۆژ بە رۆژ بەرەو خراپتر دەچێت.

## ٣. پەیمانگاکان لە سەر چ بنەمایەک مامۆستا وەردەگرن؟

وەرگرتنی مامۆستا بۆ خولی پەیمانگاکان لەسەر بنەمای ناوبانگیانە لە ناو خوێندکاراندا، بەتایبەتی ئەو مامۆستایانەی لە خوێندنگا ئامادەییە دیارەکانی شاردان.

ئارام مستەفا، خاوەنی پەیمانگای باڵدار لە ناحیەی رزگاریی، دەڵێت: ئەو مامۆستایانەی ناوبانگیان لەناو خوێندکاراندا هەیە، کاریگەرییەیان هەیە لە بازاڕی پەیمانگا ئەهلییەکاندا، ئەو مامۆستایەی ناوبانگێکی زۆری هەیە زۆرترین پارە بۆ خۆی دەبات و بەشدار دەبێت لە خولی پەیمانگاکاندا.

دەشڵێت: ناوبانگی مامۆستاکە کاریگەری هەیە وامان لێبکات ئەو مامۆستایە بهێنینە پەیمانگەکەمانەوە.

هاوکات عومەر ئەحمەد، خاوەنی پەیمانگای هامنۆ لەکەلار، دەڵێت: ئەوەی گرنگە بەلامانەوە توانا و لێهاتویی مامۆستایە لە وانەوتنەوەدا، ئەو مامۆستایەی ئەدای وانە وتنەوەی باش نەبێت وەرناگیرێت، شوێنەکە ئەهلیە و خوێندکار بۆ سودبینین پارەدەدات.

بە پێچەوانەی زۆرێک لە پەیمانگاکان کە لەسەر بنەمای ناوبانگ مامۆستا وەردەگرن، خاوەنی پەیمانگایەک دەڵێت: ئەو مامۆستایانەی کە ناوبانگیان هەیە نەمهێناونەتە پەیمانگاکەمەوە.

نەسروڵڵا هیدایەت، خاوەنی پەیمانگای بەهرە لە کفری، وتیشی: ئەزمونم لەگەڵ ئەو مامۆستایانە هەیە لەرێگەی پەیمانگاوە خوێندکاریان کۆکردوەتەوە لە شوێنەکەدا ژمارەی خوێندکاری خول کەمی کردوە بەهۆی ئەوەی خوێندکاری خولەکانیان بردوەتە ماڵەوە بۆ وانەی تایبەت.

باسی لەوەشکرد: ئەو مامۆستایانەی دیاریم کردون لەپەیمانگاکەم خول بکەنەوە، مامۆستای دانەمەزراون، لەسەر چەند بنەمایەک هەڵمبژاردون بۆ وانەوتنەوە نەک ناوبانگ.

## ٤. مەلزەمە

بەشێکی زۆر لەو مامۆستایانەی خولیان لە پەیمانگاکاندا هەیە خاوەنی مەلزەمەی تایبەت بەخۆیانن یاخود بەهاوبەشی لەگەڵ چەند مامۆستایەک مەلزەمەیەکیان دروستکردوە خوێندکاران دەبێت بە بەشدارییکردن لە خولەکاندا مەلزەمەش بکرن، دەڵێن: سەرەڕای پارەی خول، ئەمەش بارگرانییەکی دیکەیە.

شێنی رزگار، خوێندکار، دەڵێت: مامۆستاکان بازرگانییەکی زۆر بە مەلزەمەوە دەکەن بەسەر خوێندکارانی بەشداری خولەکانیان، هیچ مەعقولیەتی تیادانیە بیرکاری ٨ بەندە هەر دو بەندی بە ٦ هەزار دینار بکڕین، دوای تەواوکردنی هەر دو بەندێک دەبێت دوبەندی دیکە بکڕین».

دەشڵێت: بابەتەکە ئیجبارییە و دەبێت بیکڕین.

هاوکات محەمەد ئەحمەد، خوێندکارێکی دیکەیە، دەڵێت: مامۆستا پێمان دەڵێت با مەلزەمەتان پێ بێت ئێمەش ناچارین بیکڕین، چونکە مامۆستا لە وانەکەدا پشت بەوە دەبەستێت.

دەشڵێت: خوێندکارێکی هاوڕێم یەکەم رۆژی خول تەنها بۆ گوێگرتن رۆشتبوە خولەوە بۆئەوەی بزانێت مامۆستاکە باشە خولی لەلا وەربگرێت، بەڵام مامۆستای خولەکە پێی وتوە برۆ مەلزەمە بکڕە ئەوکات ئەتوانی بێتە پۆلەوە.

روئیا، خوێندکارێکی دیکەیە دەڵێت: بۆ ٦ بەشی مەلزەمەی وانەیەک دەبێت ١٩ هەزار و نیوم بدەین، خۆم حەزم بە مەلزەمەیە.

بەپێی یەکێک لەو مەرجانەی بۆ پێدانی مۆڵەت لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بۆ پێدانی مۆڵەت بە پەیمانگاکان دانراوە ئەوەیە کە نابێت «بەهیچ شێوەیەک مەلزەمە بەکاربێت».

سەرەڕای بەکارهێنانی مەلزەمە لە پەیمانگاکاندا لەناوەندە حکومییەکانیشدا بەکاردەهێنرێت، ئەمەش هەندێک لە خوێندکارانی روبەڕوی گرفت کردوەتەوە.

رێبین قارەمان، خوێندکار لە یەکێک لە ئامادەییەکانی کەلار، دەڵێت: یەکێک لەو مامۆستایانەی بە خولەکانی بەناوبانگە خوێندکارێک داوای شیکارکردنی پرسیارێکی لێکردبو بەهۆی ئەوەی کە مەلزەمەی ئەوەی پێ نەبو هی مامۆستایەکی دیکەبوو ئامادە نەبو بۆی بکات، پێی وت ئەو پرسیارە لە مەلزەمەی منیشدایە هەیە بۆ هی منت نەکڕیوە.

دەشڵێت: «مامۆستا پێمانی وتوە نابێت مەلزەمەی مامۆستای تر بێنن، من لە سەر کتێب ناخوێنم لەسەر مەلزەمەکەی خۆم نەبێت ئەگەر مەلزەمەی منت پێ نەبێت غیابت دەدەم».

زیاتر لەوبارەیەوە وتی: ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەفتانە پەرەیەکی بۆ دەنوسین و دەیوت بچن لە فلان چاپخانە وەریگرن، ناچارمان دەکەن بە خەرجکردنی پارە جیاواز لەو کتێبەی کراوە بە مەنهەج.

م. نیگار رەشید، دەڵێت: ئەو مامۆستایانەی مەلزەمەیان هەیە لە ناوەندە حکومییەکاندا هانی خوێندکاران دەدەن و داویان لێدەکەن بڕۆن مەلزەمەی ئەو بکڕن.

دەشڵێت: بونی ژمارەیەکی زۆر مەلزەمە لە بازاڕدا خوێندکاری خستوەتە دۆخێکەوە مەلزەمەی چەند مامۆستایەکی بەردەست بێت و نەزانێت کامیان بخوێنێت.

جەختی لەوەشکردوە «دەبێت لە رێگای وەزارەتی پەروەردە و بونی یاسایەکی پەیوەست بەم بابەتە، ئەمە رابگیرێت».

ئەو مامۆستایانەی خاوەن مەلزەمەن پێویستی بەکارهێنانی مەلزەمە دەگەڕێننەوە بۆ ئاڵۆزی ئەو کتێبەی وەکو مەنهەج دیارییکراوە.

شێرکۆ عوسمان، مامۆستا لە پەیمانگای وانۆ، کە بەهاوبەشی چەند مامۆستایەک خاوەن مەلزەمەن، دەڵێت: بونی مەلزەمە هۆکاری ئاڵۆزیی و ناڕونی کتێبی مەنهەجە، پێویستی کردوە مەلزەمە دانەین، خوێندکاران دەڵێن لە هەنهەجەکە تێناگەین و لە مەلزەمەکەدا بەشێوازێک داڕشتنەوە بۆ بابەتەکان دەکەین تێگەشتنی لای خوێندکار ئاسانتربێت.

هاوکات کامەران حسێن، مامۆستا لە پەیمانگای رۆکان، دەڵێت: لە کتێبی مەنهەجدا شیکاری هەمو راهێنانەکان نەکراوە تەنها نمونەیەک کراوە ٧٠ راهێنانت پێ دەدات بە نوسین لە پۆلدا تەواوناکرێت، بونی مەلزمە ئاسانکاری بۆ خوێندکاردەکات نمرەی باشتر بە دەست بهێنێت.

دەشڵێت: خراپی مەلزەمە لەوەدایە خوێندکار فرە مەلزەمەی بکات.

شارەزایانی پەروەردەش باس لەوە دەکەن چاپکردنی مەلزەمە رێگایەکی دیکەیە بۆ دەستکەوتنی پارەیەکی زیاتر کە خوێندکار ناچار بە کڕینی مەلزمە دەکرێت لەو پێناوە دایە.

بەڕێز عەباس، مامۆستا و نوسەری بواری پەروەردە، دەڵێت: خوێندکار هەیە بۆ ئەوەی پارەی کرینی مەلزەمە نەدات مەلزەمەی هاورێکەی هێناوە رۆشتوەتە خولەوە مامۆستا بۆ ئەو ساڵە رەنگی مەلزەمەکەی گۆڕیوە، دەزانێت هەندێک خوێندکار مەلزەمەی ساڵانی دیکەی هاورێکانیان وەردەگرن ئەو مامۆستایە بە خوێندکاری وتوە ئەو مەلزەمەیە جیاوازە و مەیهێنە.

دەشڵێت: ئەم رێگایە جۆرێکە لە پارەپەیداکردن بەزۆر لە خوێندکار، بە پارەیەکی کەم چاپی دەکەن و بە برە پارەیەکی زیاتر بە خوێندکاری دەفرۆشنەوە، ئەمەش ئیستغلالکردنی خوێندکارەو بوە بە دیاردەیەکی ناشرین.

هاوکات هەژار فەقێ سلێمان، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، دەڵێت: زۆربونی مەلزەمە، خوێندکاری لەروی دەرونییەوە توشی سەرلێشێوان کردوە، نازانێت مەلزەمەی کێ باشە و هی کێ بکڕێت.

دەشڵێت: پێویستە وەزارەتی پەروەردە و لایەنە پەیوەندیدارەکان بڕیارێکی یەکلاکەرەوەیان هەبێت بۆ ئەم بابەتە.



## ٥. چاودێریی نەکردنی پەیمانگاکان

ئەوەی لەم پرۆسەیەدا مایەی تێبینییە، لیژنە و بەش و تیمەکانی پەروەردەی گەرمیان سەردانی پەیمانگاکان ناکەن و بەدواداچون و لێپێچینەوەیان نییە.

ئارام مستەفا، خاوەنی پەیمانگای باڵدار لەناحیەی رزگاریی، دەڵێت: پەروەردە زۆر بەدەگمەن سەردان دەکات.

دەشڵێت: لە ناو ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی کە زیاتر سەردانمان دەکەن، هەریەکە لە باج و دەرامەت و دەستەبەری کۆمەڵایەتییە، بەڵام ساڵانە کاتی تازەکردنەوەی مۆڵەت هەندێک لایەنی پەیوەندیدار سەردانمان دەکەن.

پەیمانگاکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان دوساڵ جارێک کاتی تازەکردنەوەی مۆڵەت لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتەوە سەردان دەکرێن ئەوەی بە دەگمەن سەردان دەکات لایەنی سەرەکییە کە پەروەردەیە.

«پێویستە لیژنەیەک دروستبکرێت لەهەریەکە لە قایمقامیەت، پەروەردە، ئیدارەی گەرمیان، دو هەفتە جارێک سەردانی ئەم پەیمانگایانە بکرێت و رێنماییان بۆ دابنرێت لە بارەی کاتی دەوام و نرخ و ژمارەی خوێندکار لە پۆلەکاندا». مامۆستایەک کە نەیویست ناوی بهێنرێت وای وت.

هاوکات نیگار رەشید، مامۆستا، دەڵێت: هیچ یەکێک لەو پەیمانگانە بەرنامە و رێکخستنێکی باشی وایان نیە کە دانراون، یان چاودێرییەکی واکرابن چ لە رێگەی وەزارەت یان پەروەردەی ناوچەکە خۆیەوەبێت.

«پێویستە حکومەت کار بۆ رێکخستنەوە و چاودێریکردنی پەیمانگاکان بکات لە رێگەی دەرکردنی لیژنەیەکی تایبەت بۆ ئاگەداربون لە دۆخی پۆلەکانی خوێندن بەر پرسیارانە مامەڵکردن لەگەڵ خوێندکاراندا». هەژار فەقێ سلێمان، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، وای وت.

## ٦. بەکارهێنای ناوەندەکانی حکومی بۆ ڕیکلامی خول

هەندێک لەو مامۆستایانەی لە پەیمانگاکاندا خولیان هەیە ناوەندە حکومییەکان بەکاردەهێنن بۆ ڕیکلامکردنی خولەکانیان بەمەبەستی بەشداریکردنی ژمارەیەکی زیاتری خوێندکار لە خولەکانیاندا. خوێندکاران گەواهی ئەم ڕاستییە دەدەن و هەندێکیانی ڕوبەڕوی گرفت کردوەتەوە.

خوێندکاری یەکێک لە ئامادەییەکانی ناو شاری کەلار کە نەیویست ناوی بهێنرێت بە کاریگەری ئەو ڕوداوەی ڕوبەڕوی بوەتەوە، دەڵێت: لە پۆلی ١١ بوم مامۆستایەک وانەوتنەوەی لە پۆلی ١٢ـەکانەوە گواستەوە بۆ پۆلی ١١، ئامانجی لەمە بێ بازاڕی بو لە خولەکانیدا، دەستیکرد بە ڕیکلام کردن بۆ خولەکانی.

دەشڵێت: بە پرسیارکردن لە ڕێژەی نمرەکانمان دەستیپێکرد بۆ ئەوەی بزانێت کێ زیرەکە و کێ زیرەک نیە، داوای لێکردین خول لەلای خۆی بکەینەوە و ناوەکان نوسرا، ناوی من و چەند هاوڕێیەکمی تیادا نەبو ناومان نەنوسی، بەشداری کردنی ئەو خوێندکارانەی بەلاوە گرنگ نەبو کە ئاستیان لاوازبو.

زیاتر لەو بارەیەوە وتی: ڕۆژێک دوای ڕۆشتنە دەرەوەی خوێندکارەکان، پێی وتم بۆچی لەلای ئەو خولم نەکردوەتەوە وتم کە لەلای مامۆستایەکی دیکە خولم کردوەتەوە، کەچی پێی وتم ئیتر ناتکەمە پۆلەوە لەو ڕۆژەوە بڕیارمدا ئیتر نەچمەوە ئەو خوێندنگایە.

هاوکات نیگار ڕەشید، مامۆستا، دەڵێت: من شایەدحاڵی ئەوەم ڕوبەڕوی ئەو خوێندکارە بوەتەوە کە مامۆستاکەی پێی وتوە خول لەلای من نەکەیتەوە تەواوی ساڵەکە ناتکەمە پۆلەوە.

دەشڵێت: داوام لێکرد کە سکاڵا بکات، وتی کە لەو خوێندنگایە نامێنمەوە دەچمە خوێندنگایەکی تر بۆچی سکاڵابکەم.

لەبەرامبەر ئەم کێشەیە ی ڕوبەڕوی خوێندکاران دەبێتەوە لە ناوەندەکانی خوێندا لەلایەن مامۆستاکانی خاوەن خولەوە و ئەو گرفتانەی لەم ڕاپۆرتەدا خراوەتەڕو، لێدوانی عەدنان حسێن، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان بەوەکالەتمان پێویست بو، بەڵام ئامادە نەبو لێدوان بدات.

«مامۆستا هەبوە پێی وتوم ئەگەر ٥ خوێندکار بێنی لەگەڵ خۆت بۆ خولەکانم بۆ خۆتی دەکەم بەبێ بەرامبەر، ئەگەر خوێندکاری زیاتریش بێنی پاداشتت دەکەم، بە هاوڕێکانی دیکەشم هەمان شتی وتوە». ڕێبین قارەمان، خوێندکاریی یەکێک لە ئامادەییەکانی کەلار، وای وت.

گۆڕینی شوێنی دەوام لە خوێندنگایەکەوە بۆ خوێندنگایەکی تر، بە مەبەستی بەشداریی زیاتر خوێندکار لە خولەکانیاندا یەکێکی دیکەیە لەو ڕێگایانەی لە لایەن هەندێک مامۆستای خولەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

لەمبارەیەوە بەڕێز عەباس، مامۆستا و نوسەر لە بواری پەروەردە، دەڵێت: لە بەرامبەر ئەم کارەی مامۆستای خول دەیکات ئەو پرسیارە ڕوبەڕوی پەروەردە دەکاتەوە کە چۆن بە ئاسانی گواستنەوە بۆ ئەم مامۆستایانە دەکرێت هەمو ساڵێک، مامۆستایەکی تر بۆی ناکرێت لە بەر ئەوەی مامۆستای دیارە و خول دەکاتەوە بۆی دەکرێت.

هاوکات مامۆستایەک کە نەیویست ناوی بهێنرێت، دەڵێت: مامۆستای خول هەیە هەر ساڵێک لە خوێندنگایەکە، مامۆستاش هەیە داوای گواستنەوە دەکات بۆی ناکرێت، ئەمە ڕێگە خۆشکردنە بۆ هەندێک کەس کە داوای هەرچی بکات بۆی دەکرێت.

لە بەرامبەردا شێرکۆ عوسمان، مامۆستا لە ئامادەی شەهید ئارام، جەختی لە بونی ئەو حاڵەتە کردەوە و دەڵێت: گۆڕینی شوێنی دەوام بۆ ئەو مەبەستە هەیە و ئەم حاڵەتە بەدی ئەکەم، بەڵام وەک خۆم جگە لە ئەو ئامادەییەی ئێستا لەوێم لە هیچ ئامادەییەکی دیکە وانەم نەوتوەتەوە.

هەروەک مامۆستایەکی دیکەش جەخت لە بونی ئەم حاڵەتە دەکاتەوە «بە ڕێژەیەکی زۆر لەلای هەندێک مامۆستا بونی هەیە، کە دەڵێت دەرۆمە خوێندنگایەکی ناودار بۆ ئەوەی خوێندکاری دەست کەوێت بۆ خولەکانی». عەدنان عومەر، مامۆستا، وای وت.

لەبەرامبەردا کامەران حسێن، مامۆستا لە پەیمانگای ڕۆکان، وتی: سەرەڕای لایەنە خراپەکانی ئەم شوێنگۆڕکێیە، خوێندکار هەیە سودی لە ڕۆشتنی ئەو مامۆستایە بۆ خوێندگاکەی بینوە، بەڵام لایەنە خراپەکەی لە باشەکەی زیاترە.

وتیشی: هیوادار پەروەردە ئیجرائات بەرامبەر ئەو کارە بکات و ئەم حاڵەتە نەهێڵێت، بە یەکجاری ئەو مامۆستایە بکرێت بە میلاک لەو خوێندنگایە و تەواو.

لە ئەنجامی گۆڕینی دەوام لە خوێندنگایەکەوە بۆ خوێندگایەکی تر ئەوەی زیانی لەم نێوانەدا بەردەکەوێتە خوێندکارە ئەوەی سودمەند دەبێت مامۆستایە.

ڕێبین قارەمان خوێندکار، دەڵێت: مامۆستا لە پۆلی ١٠ـەوە خوێندکار ئەهێنێت تا ١٢ ڕایدەهێنێت چۆن بخوێنێت، بەڵام لە پۆلی ١٢ کە پێویستت پێیەتی لە خوێندگاکەت نامێنێت، ئەمەش کاریگەری خراپت لەسەر دروستدەکات و وادەکات هیچت بیر نامێنێت.

دەشڵێت: پێویستت بەکاتە تا لەگەڵ مامۆستایەکی دیکە ڕادێیتەوە، ئەچیتە خولەکەیەوە بۆ ئەوەی لەلای ئەو مامۆستایە بخوێنیت، بەڵام هەست بە جیاوازیی مامەڵەی دەکەیت، لە خوێندنگا زمانی شیرینە بۆ ئەوەی خوێندکار ڕابکێشێت، بەڵام دەبینی لە خول وانیە.

«بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان کەمتەرخەمە بەرامبەر ئەو مامۆستایانەی لە چەند خوێندنگایەک بە مەبەستی مەرامی خۆیان وانە دەڵێنەوە، مامۆستا هەیە لە ئامادەیی (...) ١٠ بەشە وانەی هەیە بە تەکلیف داوایکردوە بچێتە ئامادەیی ...) کە تەواوکەری لیستەکەی بکات و ٨ بەشە وانە وەردەگرێت و دەبێتە ١٨ بەشە وانە، لە ناحکومییەکیش دەوام دەکات لە ڕێگەی ئەم چەند قوتابخانەیەوە ئامانجی خۆی دەپێکێت کە هێنانی خوێندکاری زیاترە بۆ خولەکانی». مامۆستایەک کە نەیویست ناوی بهێنرێت، وای وت.

لە بەرامبەردا سامان عومەر، بەڕێوبەری بەشی پەروەردەی ناحکومی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، دەڵێت: مامۆستا دوای تەواوکردنی ڕێژەی یاسایی وانەکانی دەتوانێت دەوام بەجێ بهێڵێت بەرەزامەندی بەڕێوبەرەکەی .

## ٧. کردنەوەی خول پێویستی یان چاولێکەری؟

روکردنـە خولـی پەیمانگاکان بـۆ قۆناغی ١٢ـی ئامادەیی لەناو هەندێـک لـە خوێندکارانـدا، لـە بری پێویسـتی بـە جۆرێک لە چاولێکەری دەبیندرێت.
عەدنـان عومەر، مامۆسـتای کیمیـا لە پەیمانگای ژێـر، دەڵێت: بەرێژەی لە ١٠٪ـی خوێندکاران وەکو چاولێکەری خول دەکەنەوە، بۆ هەندێک خوێندکاریش وەکو پێویستییەک بەشدار دەبێت.
دەشـڵێت: دابەزینی ئاسـتی خوێندن لە ناوەنـدە حکومییەکاندا هـۆکارە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ بـێ موچـەی و ئـەو بـێ سـەروبەرییەی لـە خوێندنگا حکومییەکانـدا دەگوزەرێت کە جار هەبوە لەو خوێندنگایەی دەوام دەکەم بەتەنیا ماومەتەوە.
هاوکات بەختیار ئەحمەد، مامۆستا لە پەیمانگای وانۆ و ئامادەیی شەهید ئارام، دەڵێت: ئەو خوێندکارەی وەکو چاولێکەرییەک خول دەکاتەوە رەنگە سودمەندیش نەبێت، بەڵام لە ئێستادا خولکردنەوە وەکـو پێویسـتی لێهاتوە، ئەمـەش بەهۆی ئـەوەی خوێندکار ٧ وانەی هەیە لە چەند مانگی دەوامدا ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات.
دەشڵێت: خول یارمەتیدەری شکانی ترسی خوێندکارە لە بابەتەکە و ئامادەکارییەکـە بـۆ کاتـی دەوام، ئەگەر هیـچ فێر نەبێت ٥٠٪ بابەتەکـە تێدەگات، خوێندکارێکیش کـە ئامانجی نمرەی بەرزنیە خولی پێویسـت نیـە تەنها بە هەوڵدانی لەکاتـی دەوام ئەتوانێت نمرەی ٦٠ و ٧٠ بێنێت.
لە بەرامبەردا نیگار رەشـید، مامۆسـتا، دەڵێت: خوێندکار توشی سەرلێشێوان بوەتەوە بەڕادەیەک وادەزانێت ئەگەر خول نەکاتەوە ناتوانێت نمرە بهێنێت و بخوێنێت.
ڕێبین قارەمان، خوێندکار، دەڵێت: ئێستا کردنەوەی خول لە ناو خوێندکاراندا گەشـتوەتە ئەو ئاسـتەی ئەگەر خول نەکەیتەوە بە دواکەوتو سەیر دەکرێیت لە لایەن خوێندکارانی دیکەوە.



## ٨. كردنەوەی خول لە ناوەندەحكومییەكان لەبری پەیمانگا ئەهلییەكان

مامۆستایان و شارەزایانی پەروەردە بە گرنگی دەزانن كردنەوەی خول لە پەیمانگاكانەوە ببرێتە ناوەندەكانی خوێندن، ئەم هەنگاوە بە كاریگەر دەزانن لە كەمكردنەوەی ئەو بارگرانییەی كەوتوەتە ئەستۆی خوێندكار.
نیگار رەشید، مامۆستا، دەڵێت: بە پێویستی دەزانم شتێك نەمێنێت بەناوی پەیمانگای ئەهلی و مەلزەمە، كار لەسەر پەرەپێدان و بەهێزكردنی كەرتی حكومی بكرێت، بۆ ئەوەی ئەو خوێندكارانەی ئاستیان لاوازە لە رێگەی قوتابخانەكانیان خولی هاوینەیان بۆ بكرێتەوە بۆ بەهێزكردنیان.
دەشڵێت: ئەمەش لەرێگەی خستنە سەری بڕە پارەیەك بۆ سەر موچەی مامۆستایان، ئەم هەنگاوە كاریگەری دەبێت لە كەمكردنەوەی ئەو بارگرانییەی كەوتوەتە ئەستۆی خوێندكار لە ئێستادا.
ئاماژەشی بەوە كرد: ئەم رێگاچارە هاوشێوەی ئەوە دەبێت كە لە قوتابخانە ناحكومییەكاندا هەیە خولی هاوینەیان هەیە بۆ وانە وتنەوە و بەهێزكردنی خوێندكار.
هاوكات بەرێز عەباس، مامۆستا و نوسەر لە بواری پەروەردە، دەڵێت: ساڵانی رابردو پەروەردە بریارێكی دەركرد زۆرباش بو بۆ كردنەوەی خول لە قوتابخانەكان بۆ ئەو خوێندكارانەی دەكەوتنە خولی دوەم و خولیان بۆ دەكرایەوە بۆ بەرەو پێش بردنی ئاستیان.
دەشڵێت: ئەم هەنگاوە زۆر لۆژیكیانە ترە و لەژێر چاودێریی پەروەردە و خوێندنگا خۆیەتی، هەروەها خوێندكار ئیستغلال ناكرێت و پارەی لێ وەرناگیرێت.
لە بەرامبەریشدا سامان عومەر، بەڕێوەبەری بەشی پەروەردەی ناحكومی دەڵێت: كردنەوەی خول لە ناوەندە حكومییەكاندا بە بنەڕەتی و ئامادەییەوە هاوكارێكی باشی خوێندكاران دەكات بەتایبەتی ئەو خوێندكارانەی كەم دەرامەتن سودمەند دەبن.
گرفتەكانی بەردەم ئەم رێگاچارەیە و ئەوەی رێگر دەبێت لە جێبەجێكردنی، بە رای مامۆستایەك بۆ نەبونی مامۆستای ئاستبەرز لە وانەوتنەوەدا دەگەڕێتەوە.
عەدنان عومەر، مامۆستای كیمیا، لە ئامادەیی مستەفا رەشید و پەیمانگای ژیر، دەڵێت: نەبونی ژمارەیەكی زۆر لە مامۆستا گرفتی بەردەم ئەم رێگایەیە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەو مامۆستایانەی توانا و لێهاتوییەكی باشیان هەیە لە وانەوتنەوەدا و خوێندكار لێیان تێدەگات، ژمارەیان لە پەنجەكانی دەست تێپەرناكات، مامۆستا هەیە خۆی ماندوناكات لە تێگەیاندنی خوێندكاردا.
دەشڵێت: نەبونی رێژەیەكی بەرچاو لە مامۆستای باش بۆ بەرێوەبردن، وا دەكات نەتوانرێت لە ناوەندە حكومییەكاندا ئەو كارە بكرێت.
هاوكات عومەر ئەحمەد، خاوەنی پەیمانگای هامنۆ، دەڵێت: كردنەوەی خول لە ناوەندە حكومییەكان سەركەوتونابێت بە هۆی ئەوەی مامۆستا رازی نابێت لە خوێندنگا خول بكاتەوە.
دەشڵێت: هۆكارێكی دیكە ئەوەیە كە خوێندكار بۆ هەر وانەیەك مامۆستایەك و شوێنێكی جیاوازی هەڵبژاردوە، ئەم پەیمانگایانەی كە خول دەكەنەوە نزیكن لەیەكەوە زۆربەیان لە گەڕەكی فەرمانبەرانن، لەهەریەكەیان خولێكی كردوەتەوە، خوێندكار ناچێت بۆ هەر وانەیەك لە قوتابخانەیەكەوە بچێت بۆ قوتابخانەیەكی تر و بۆی ناكرێت.

## ٩. بێدەنگیی بەڕێوەبەری پەروەردەی گەرمیان

بەمەبەستی وەرگرتنی قسەی ئەوان و ئاشنابون بەو رێكارانەی كە لە مامەڵەیاندا لەگەڵ پەیمانگا ئەهلییەكان دەیگرنەبەر، هەروەها خستنەڕوی روئیای ئەوان بۆ ئەم كەرت و پرسە، یەكەكەمان پەیوەندی تەلەفۆنی بە عەدنان حسێن، بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان بە وەكالەتەوە كرد و دواتریش سەردانی روبەڕویشی كرد، بەڵام ناوبراو نە ئامادەبو پێشوازیی لە یەكەكە بكات و نە لێدوان بدات.

# بەشی سێیەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

١. خولەکانی بەهێزکردن بون بە دیاردە، بەشێوەیەک کەم خوێندکاری ئامادەیی و بەتایبەتی پۆلی ١٢ هەیە کە زیاتر لە خولێک نەکاتەوە، ئەمەش لەلایەک پەیوەستە بەوەی بەکاریگەریی خراپبونی دۆخی خوێندن و بایکۆت و قەیرانی دارایی، لەلایەکی تریشەوە وەکو چاولێکەریی لێهاتوە.

٢. ئەوەی وایکردوە ئەم بوارە زۆر پەرەبسێنێت، نەبونی هیچ ڕوئیا و ستراتیژ و پلانێکی حکومییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا، بەشێوەیەک حکومەت و بەتایبەتی وەزارەتی پەروەردە، خۆی لەم پرسە بێئاگا کردوە و ناچێت بەلایەوە و تەنانەت چاودێرییشی ناکات.

٣. خوێندن لە پەیمانگاکانی بەهێزکردندا، چەندین کێشە و کەموکورتیی تێدایە، لەوانە:
ا. قەرەباڵغی: پۆلەکانی خولەکان بەشێوەیەکی بەرچاو قەرەباڵغن (هەندێکجار ٦٠ بۆ ٨٠ خوێندکار لە پۆلێکدا)، کە ئەمە بوەتە هۆی نەبونی کەشێکی گونجاو بۆ فێربون، کاریگەریی خراپی کردوەتە سەر ئامێرە فێنککەرەوەکان و تەنانەت تەندروستیی خوێندکاران.
ب. نەبونی چاودێری لەسەر نرخەکان: حکومەت هیچ نرخێکی دیاریکراوی بۆ ئەم خولانە دانەناوە، ئەمەش وایکردوە پەیمانگاکان بە ئارەزوی خۆیان و هەندێکجار بە ڕێککەوتنی نێوانیان نرخەکان بەرز بکەنەوە، کە بوەتە بارگرانییەکی قورس لەسەر خێزانی خوێندکاران.
ت. بازرگانیکردن بە «مەلزەمە» و ناچارکردنی خوێندکار: سەرەڕای ئەوەی بەکارهێنانی مەلزەمە بەپێی ڕێنماییەکان قەدەغەیە، بەڵام بوەتە دیاردە و سەرچاوەیەکی تری داهات بۆ مامۆستایان. خوێندکاران ناچار دەکرێن مەلزەمە بکڕن، ئەمەش وەک جۆرێک لە «ئیستغلالکردن» و بارگرانیی دارایی زیاتر سەیری دەکرێت.
پ. نەبونی چاودێریی کاریگەر لەلایەن پەروەردەوە: بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی گەرمیان کەمترین چاودێری و بەدواداچونی بۆ پەیمانگاکان هەیە. زۆربەی چاودێرییەکان لەلایەن فەرمانگەکانی وەک باج و دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوە دەکرێت، ئەوەش تەنها لە کاتی نوێکردنەوەی مۆڵەتدا.
ج. بەکارهێنانی قوتابخانە حکومییەکان بۆ مەرامی تایبەت: هەندێک مامۆستا پلە و پۆستی خۆیان لە قوتابخانە حکومییەکاندا بۆ ڕیکلامکردن و کۆکردنەوەی خوێندکار بۆ خولە تایبەتەکانیان بەکاردەهێنن. تەنانەت هەندێکجار فشار لەسەر خوێندکاران دروست دەکەن و شوێنی وانەوتنەوەیان دەگۆڕن بۆ ئەو قوتابخانانەی کە خوێندکاری زیاتری لێوە دەستدەکەوێت.
ح. وەرگرتنی مامۆستا لەسەر بنەمای «ناوبانگ» نەک لێهاتویی: زۆربەی پەیمانگاکان لەسەر بنەمای ناوبانگی مامۆستاکە لەنێو خوێندکاراندا مامۆستا دادەمەزرێنن، نەک هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانە بۆ تواناکانیان. ئەمەش وایکردوە بازاڕێکی ڕکابەریی لەسەر مامۆستا بەناوبانگەکان دروست بێت.

٤. بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی گەرمیان ئامادە نەبوە هیچ لێدوانێک لەسەر ئەم کێشانە بدات، ئەمەش لەلایەکەوە دژە بە پرنسیپەکانی شەفافیەت و مامەڵەکردنی ڕون لەگەڵ هاوڵاتیان و پێدانی زانیاریی بە ڕۆژنامەنوسان، لەلایەکی تریشەوە بەرپرسیارتریان دەکات لەو کەموکورتییانەی کە هەن.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی ڕادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها بەرەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزارییەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net

## دوەم: راسپاردەکان

١. دەرکردنی یاسا و ڕێنمایی:
پێشنیاز دەکەین وەزارەتی پەروەردە ڕێنماییەکی نوێ لە بارەی خولەکانی بەهێزکردن دەربکات و ئەگەر گونجاش لە پەرلەمانەوە یاسای بۆ دەربکرێت، بەشێوەیەک ڕەچاوی ئەو کێشانە بکات کە لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەیان پێکراوە و وابکات نەتوانرێت مافی گشتی و خوێندکاران بخورێت.

٢. کاراکردنەوەی خولی بەهێزکردن لە قوتابخانە حکومییەکاندا:
دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ کردنەوەی خولی هاوینە و بەهێزکردن لەناو باڵەخانەی قوتابخانە حکومییەکاندا، بەتایبەت بۆ قۆناغی ١٢ی ئامادەیی. دەتوانرێت لەم خولانەدا بڕێک پارەی ڕەمزی و گونجاو لە خوێندکاران وەربگیرێت کە لە توانای دارایی زۆربەی خێزانەکاندا بێت. لەبەرامبەردا پاداشتێکی شایستە بەو مامۆستایانەی کە لەم خولانەدا وانە دەڵێنەوە، دابین بکرێن.
سودی ئەم هەنگاوە لەوەدایە کە بارگرانیی دارایی لەسەر شانی خوێندکاران کەم دەکاتەوە، چاودێریکردنی ئاسانتر دەبێت و متمانە بۆ کەرتی خوێندنی گشتی دەگەڕێنێتەوە.

٣. ڕێکخستنەوەی نرخی خولەکان:
پێویستە لیژنەیەکی هاوبەش (لە پەروەردە، قایمقامیەت، و لایەنی ئابوری و...هتد) پێکبهێنرێت بۆ دیارییکردنی نرخ و نرخێکی دیاریکراو بۆ هەر وانەیەک دیاری بکات، بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی ئابوریی هاوڵاتیان و تێچوی پەیمانگاکان.

٤. دانانی ستاندارد بۆ پۆلەکان و چاودێریکردنیان:
دیاریکردنی زۆرترین ژمارەی خوێندکار بۆ هەر پۆلێک بەپێی ڕوبەرەکەی (بۆ نمونە، نابێت لە ٢٥-٣٠ خوێندکار زیاتر بێت).
پێویستە هەبونی کەشێکی فێرکاریی گونجاو (فێنککەرەوەی باش، گەرمکەرەوە، ڕوناکی، شوێنی دانیشتنی ستاندارد) بکرێتە مەرجی نوێکردنەوەی مۆڵەت.

٥. قەدەغەکردنی تەواوەتیی بازرگانیکردن بە مەلزەمە:
دەرکردنی ڕێنماییەکی توند و یەکلاکەرەوە بۆ قەدەغەکردنی فرۆشتنی مەلزەمەی تایبەت لەلایەن مامۆستایانەوە و ناچارکردنی خوێندکاران بە کڕینی. بەشێوەیەک هەر پەیمانگایەک یان مامۆستایەک سەرپێچی بکات، ڕوبەڕوی سزای دارایی یان هەڵپەساردنی مۆڵەتەکەی ببێتەوە.

٦. کاراکردنەوەی لیژنەکانی چاودێری و بەدواداچون:
پێکهێنانی لیژنەی چاودێریی بەردەوام (نەک تەنها وەرزی) کە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو سەردانی پەیمانگاکان بکات.
ئەم لیژنەیە دەبێت ڕاپۆرتی ورد لەسەر پابەندبونی پەیمانگاکان بە ڕێنماییەکان (ژمارەی خوێندکار، نرخ، پاکوخاوێنی، بەکارنەهێنانی مەلزەمە) بەرز بکاتەوە و لەسەر ئەو بنەمایەش بەڕێوبەرایەتییەکانی پەروەردە و قایمقامیەت و ئیدارەی ناحییەکان لێپێچینەوە بکەن.

٧. ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی کەرتی گشتی بۆ مەرامی تایبەت:
دەرکردنی گشتاندنێک کە بەهەمو شێوەیەک ریکلامکردن بۆ خولی تایبەت و پەیمانگای ئەهلی لەناو قوتابخانە حکومییەکان قەدەغە بکات.
دانانی میکانیزمێکی ڕون بۆ گواستنەوەی مامۆستایان کە تەنها لەسەر بنەمای پێویستی و میلاک بێت، نەک بۆ ئەوەی مامۆستایەک بتوانێت ساڵانە بچێتە قوتابخانەیەکی تر بۆ کۆکردنەوەی خوێندکار.
هەر مامۆستایەک قوتابخانە بۆ بانگەشە و فشاری دەرونی لەسەر خوێندکاران بەکاربهێنێت، ڕێکاری یاسایی و ئیداریی توندی بەرامبەر بگیرێتە بەر.

٨. هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران و خێزانەکان:
دەزگاکانی ڕاگەیاندن و خودی وەزارەتی پەروەردە دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی خێزانەکان کە خولی بەهێزکردن تەنها چارەسەر نییە و نابێت ببێتە دیاردەیەکی چاولێکەری، بەڵکو پشت بەستن بە توانای خودی خوێندکار و قوتابخانەکەی بنەمای سەرەکیی سەرکەوتنە. بۆ ئەمەش دەبێت لایەنی پەروەردە تەنسیقی لەگەڵ دەزگا میدیاییەکاندا هەبێت.